شاخەوان عەبدوڵا سوپاسی هەموو فراکسیۆنە کوردییەکان دەکات بۆ پشتیوانیکردنی پرۆژەیاسای پارێزگابوونی هەڵەبجە

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە بارەی پەسندکردنی پرۆژەیاسای بە پارێزگابوونی هەڵەبجە سوپاسی هەموو فراکسیۆنە کوردییەکانی کرد بۆ پشتیوانیکردنی پرۆژەیاساکە.

دووشەممە، 14ـی نیسانی 2025، شاخەوان عەبدوڵا، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق سوپاسی هەموو فراکسیۆنە کوردییەکانی کرد بۆ پشتیوانیکردنی پرۆژەیاساکە و تێپەڕاندنی لە لایەن پەرلەمانەوە.

شاخەوان عەبدوڵا ئاماژەی بەوەش کرد، هەندێك لە فراکسیۆنەکان ئاستەنگیان دروست دەکرد بۆ ئەوەی پرۆژەکە تێنەپەڕێندرێت، بەڵام دوای هەوڵێکی زۆر توانرا ئەو ئاستەنگانە هەڵبگرن، بەتایبەت کە هەوڵ دەدرا بە پارێزگابوونی هەڵەبجە و قەزای تەلەعفەر بکرێتە یەك پاکێج.

شاخەوان عەبدوڵا جەختیشی کردەوە، پاساوی هەندێك لە فراکسیۆنە عێراقییەکان لەگەڵ ئاستی قوربانییانی هەڵەبجە یەك ناگرێتەوە، چونکە بابەتی هەڵەبجە بابەتێکی

مەعنەویيە و پەسندکردنی پرۆژەیاساکە کەمترین وەفایە بەرانبەر بە قوربانییانی هەڵەبجە.

جگری سەرکی پەرلەمانی عێراق گوتیشی، هەندك فراکسیۆنی سیاسی کە تا ماوەیەك بەڵێنیان بە کورددا بوو بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەیاساکە، بەڵام ویستیان بە پاساوی جیا جیا دانیشتنەکەی پەرلەمان تێك بدەن. ڕوونیشی کردەوە، پرۆژەیاساکە زۆر بە یاسایی تێپەڕی.